# کەنالەکانی دژبەکورد

ئەحمەد دەشتی

گەلۆ دەبێ ئەم ڕوداوە ناخۆش و پڕ دوژمنکاریانەی کە ئەمڕۆ دژ بە گەلی کوردو خاکی پیرۆزی کوردستان لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان ڕوو دەداتن تاکەی هەروا بەردەوام و درێژەی هەبێت؟دەبێ تاکەی داگیرکەرانی ملهوڕی کوردستان بە تایبەتی داگیرکەری تورکی درندە هەر ئاوا چاوی تەماعی ببرێتە سەر زەوی خاکی کوردستان و هەولی تێك دان و نا ئارامی و کوشت و کوشتار دژ بە گەلی کورد بداتن و ڕۆژێ بێ کە بۆ هەتا هەتایە یەقەی خۆی لە یەقەی کورد بکاتەوە؟ دەبێ هەتا کەینی گەلی کورد هەر ئاوا بێ قەوارەیەکی میللی خۆی کە سەربەخۆیی کوردستانی خۆیەتی و جیهانیان دانی پیا بنێن وەدی بێت و کوردیش وەك هەموو گەلانی جیهان خاوەنی وەلات و هەموو مافێکی ڕەوای میللی خۆی بێت و نوێنەری وەلاتی خۆی لە ناو نەتەوە یەککرتوەکانی دا هەبێت و بەشداری هەموو مەینەت و ئازارو شادی و خۆشی ناو جیهان بکاتن؟ دەبێ کەی بێت و ئێمەی کوردیش ئالای ڕەنگینمان وەك ئەمڕۆ کە لە کوردستانی باشوردا کە دەشەکیتەوە ئاوا لە هەموو جیهان دا بشەکێتەوەو نەخشەی کوردستانیش لە سەر هەموو ئەتلەس و نەخشەکانی جوگرافیای جیهان دا نیشان بدرێت و دیار بێت؟ من بۆ ئەو ڕۆژە گەش بینم و پێشم وایە کە زۆری نەماوە ئاواتەکانی گەلی کورد دێتە دی و کوردو کوردستان بۆ هەمیشە ڕزگارو سەربەخۆ دەبێت.

خۆ شتێکی تازە نیەو زۆر لە مێژە کە داگیرکەران کوردستانیان داگیر کردووەو لەوەتی کە پێیان ناوەتە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان و گەلی کوردیان بە هەموو جۆرێکەوە بەو پەڕی دڕندەیی چەوساندۆتەوە و کوردیان لە ژیانی ناو مال و حالی خۆی دا ێبەش کردووەو هەتا ئەمڕۆش بە ملیۆن خەلکی کوردی دلسۆز و بە شەڕەف ئاوارەو دەربەدەر کراوەولە ناو زیندانە ڕەشەکانیان دا لە ژێر باری ئەشکەنجەو ئازارو داپلۆسین دا گیانیان دەدەن و گەلی کورد دوور لە هەموو ژیانێکی ئازادانەو بەختەوەرانە لە ناو زێدی خۆی دا دەژین، جگە لەوەش هەمووسەروەت و سامانی خاکی زێڕینی بە تالان دەبرێ و هەر سروەیەکی شادی کە بۆ گەلی کوردلە هەر لایەکەوە بێت و بۆنێکی رزگاری گەلی کوردی لێ بێت ئەوا داگیرکەرانی کوردستان بە هەموو هەول و توانایانەوە بە خۆیان دەکەون و هەولی ئەوە دەدەن کە بەری ئەو سروەیە بگرن و خەریکی پیلانگێران و لە ناو بردنی ئەم گەلە کوردە هەژارە و دوور بوونەوەی لە هەموو مافێکی ڕەهایی و سەر بەخۆییمانن بە تایبەتی داگیرکەری تورکی ملهوڕ و نۆکەرانیان.

دەبینین کە داگیرانی کوردستان چەند بێ شەرمانە و بە ڕاشکاوی لە بەر چاوی جیهانیان دژ بە کوردو هەموو مافێکی کوردن و کاری ترۆریستانەو خەراپکارانەش ئەوەی کەلەدەستیان هاتبێت ئەوا دژ بە کوردو کوردستان ئەنجامیان داوەو دەیدەن وهەر لەم ڕۆژانە دا پیلانەکانیان ئاشکرا کراو ماهیەتیان دەرکەوتەوە، کەچی جیهانیانیش هەر بێ دەنگن و نقەیان لێوە نایێت و هەر باسیشی ناکەن، ئەو هەموو جنایەتانەی کە دژ بە گەلی کورد کراوە زۆر بە دەگمەن مرۆڤ دۆستانی جیهان باسی لێوە دەکەن، هەموو ڕۆژێ ئەگەر چاوێ بە تەواوی ڕاگەیاندنەکانی جیهانی بخشێنین و چاو لە سیماو کەنالەکانی عارەبی و تورکی و دەورو بەر و جیهانیش و ڕۆژنامەکان بکەین زۆر بە دەگمەنەوە باسی نەهامەتیەکانی گەلی کورد کە داگیرکەرانی کوردستان بە سەر گەلی کوردیان هێناوە دەکەن، ئەگەر باسیشی بکەن لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی جیهانی دا بە تایبەتی ڕۆژنامەکانی تووکی و گەلێك لە ڕاگەیندنەکانی وەلاتانی عارەبی ئەوا سوکایەتی کردن بە گەلی کوردو دژایەیەتی کردنی کورد دەکەن، ئەو هەموو بە کۆمەل لە گۆڕنانەی کە لە بەر چاوی جیهانیان لە ڕاگەیاندەنەکانی کوردی نیشان دەدرێ هەر دەلێی کە ڕویان نەداوە و زۆر بە دەگمەن لەم جیهانەدا شتی لە سەر دەنوسرێت، کە جیگەی سەدەها باس و وتاری لە سەر دەبێتەوە، کامە میللەتانی جیهان وەك گەلی کورد لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری خۆی دا لە چنگ داگیرکەرانی درندە دا ئەو هەموو قوربانی و نەهامەتیانەیان دیوە ؟کەچی دەبینین لەم جیهانە دا خاوەن وەلات و قەوارەی میللی و سەربەخۆیی خۆیانن، تا ئەمرۆش میللەتانی دەورو بەرمان زۆر لە بەناو ڕۆشەنبیرانیشیان ئەوەی بۆ گەلی خۆیان ڕەوای دەبنن بەلام بۆ گەلی کورد بە چل ملیۆن خەلکەوە ڕەوای نابینن و هەتا ئەمڕۆکەش پێیان وایە کە کورد دەبێ هەر ژێر دەستەی داگیرکەران بێت! !پێیان وایە کە دەبی کوردستان هەمیشە بی کیان و ڕزگارو سەربەخۆی بێ و ئەوەی دان بە کوردو کوردستانەوە بنێت ئەوا دوژمن بەوانەو مافی سەر بڕانە، دەبینین کە ئەمڕۆش هەلێکی چاك بۆ کورد هەلکەوتوەو گەلی کورد وا خەریکە ببێ بە خاوەنی خۆی و دەبینین لە هەر چوار لاوە داگیرکەرانی دڕندە کاری ترۆریستانە دژ بە گەلی کورد ئەنجام دەدەن و لە ڕێگەی نۆکەران و خۆ فرۆشان و ئەوانەی لە دەروون دا

نەخۆشن و دژ بە کوردو کوردستانن بەربوونەتە گیانی گەلی کوردو هەرچی سوکایەیتی و ناڕەوایی و نامرۆڤایەتیە دژ بە کورد لە سەر لاپەڕکانی ڕۆژنامەکان وکەنالەکانی تەلەفیزیۆن و تۆڕی ئەنتەر نێت دا نامەردانە قولیان لێ هەلمالیوەو دنەی نۆکەرانیان دەدەن و ئەوەی کە وانیە و پڕو پوچیە لەو ڕێگایانەوە پەلاماری کوردو کوردستان دەدەن و ئەوەی کە سوکایەتی و تەوهین و ناڕەواییە بە گەلی کوردی دەکەن، ئەم ڕەوشە نالەبارو ناشرینانە و رەفتار دڕندانەی دوژمنانی کورد وەنەبێ شتێکی تازە بێت و ناوو ناتۆرەی نوێ و راست بن، نەیارانی کورد هەر لە کۆنەوە ئەمە کارو کردەوەیان بووە کە هەمیشە لە ڕێگەی نۆکەرەکانیانەوە خەلکیان بۆ خۆیان کڕیوەو بۆ ئەنجام دانی ئەم جۆرە کردەوانەو دوژمنکاریانەیان دژ بە گەلی کورد پارەیەکی زۆریان سەرف ئەم ڕێگەیە نامرۆڤانە کردووەو بە خەیالی خۆیان بەم کردەوانەیان دکارن کە گەلی کورد لە ڕێبازی کوردایەتی و خەبات بۆ مافە ڕەواکانی کە ڕزگاری و سەر بەخۆییەلا بدەن، بەلێ ئەمڕۆش دەبینین و دەبیستین کە تەنانەت بە ناوی هەندێ لە پارتی سیاسی تازەی دروست کراوی دەستی خودی داگیرکەران کە ڕکێفی ئەو حزبە دروست کراوانە تەنیا لە دەست خودی داگیرکەرانەوەیە و نۆکەرانی دوور لە هەستی کوردایەتییش دەخزێنە ناویانەوە و لە ژێر پەردەی زۆر ناوەوە هاتۆنەتە مەیدان و نیشتمانپەروەری و دلسۆزی خۆیان بە سەر کوردی دلسۆز و وەفا دار بە کوردو کوردستان دەفرۆشن و وا دەزانن کە خەلك لە گوێ گادا خەوتووەو فیتەی حەرام زادەیی ئەوان ناناسنەوەو نازانن مەسەلەکەچیەو گۆتەو هەنگاوەکانیان کوێ دەگرێتەوە !!!من ڕوو لە هەموو ئەو کوردە بە ڕاست خۆ فرۆشانە دەکەم کە تا ئەمڕۆش لە بۆ داگیرکەرانی کوردستان تێدەکۆشن و بەوپەڕی نامەردیوە سوکایەتی بە خۆیی دەکەن و کەوتونەتە دوای کلاوی با بردوو و خۆفرۆشی و نۆکەری بۆ داگیرکەرانی کوردستان دەکەن و دەلێم: زۆر خەیال خاون و گەلی کورد هەرگیز بەداگیرکەران و نۆکەرانیان باوەڕ ناکات و دلسۆزان و سەروەران و خەباتگێڕانی کوردو کوردستانیش هەرگیز بە پەلامارو هێرش کردنە سەرو سوکایەیی پێ کردن لایەن نۆکەرانی چەپەلەوە چە لە سەر لاپەرەکانی ڕژنامەکان دا یاخود لە سەر تۆڕی ئەنتەر نێت و کەنالەکانی زەتەلایت و پالتاك و سیماکنیانەوە کە دەیکەن کارێکیان پی ناکرێت و کوردیش هەر بەرەو ڕزگاری و سەر بەخۆیی کورد و کوردستان دەڕوات، هەموو ئەوانەی کە سوکایەتی بە خەباتگێڕێکی کورد دەکەن سوکایەتی بە کوردو کوردستان دەکەن، جا هەموو ئەوانەی کە ئەمڕۆ شەکاوەیی ئالای کوردستان و ئەم هەلە پیرۆزەی ئەمڕۆ کە لە سایەی سەری خوێنی هەزاران هەزا شەهیدانمان و ئەو هەموو مال وێرانیەی گەلی کورد بەسەری هاتووەو ئەمرۆ هەلێکی بۆ هەلکەوتووە و نەیاران چاویان پێ هەل نایێ، بە تایبەتی ئەوانەی بە ڕەگەز کوردن و دژ بە کوردستانن و خیان لە دەست داوە با چاك بزانن کە تەنیا شورەیی و سەر شۆریان بۆ دەمینێتەوەو لە گەل هەر پەیڤ و پەلامارێکیان بۆ خۆیی هەزاران تف و نەفرینیان بۆ دەڕوات و خۆیان زیاتر ڕیسوا دەکەن و کورد بێزیان لێ دەکاتەو و کوردستانیش هەر بەرەو سەرکەوتن و سەربەخۆیی هەمیشەیی دەڕوات و لە ناو گەلی کورد دا جێیان هەرگیز نابێتەوە، دیمان و بیستمان کە زۆریان گوت و زۆریان کردو هەموو جنایەتێکی دژ بە مرۆڤایەتی وکوردو کوردستانیان ئەنجام دا بەلام هیچیان پێ نەکراو ئێستاش هیچیان بۆ نالوێ و ڕەوڕەوەی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد هەر بەرەو پێشەوە دەڕوات و وا خەریکەی خۆرەتاوی ژیان بەخشی سەربەخۆیی کوردستانیش هەلێت و داگیرکەران و نۆکەرانیشیان لە چەپەلی و دڕندەیی و شورەیی و خەراپکاری بەولاوە چی تریان بۆ نامینێتەوە، وەك شاعیر گوتەنی:

ڕەببی مـووی لێبێ زمانی پەنجـــــــەکانی هەلوەری
هەرکەسێ گولشەن بە دەردی گولخەنی دۆزەخ بەرێ

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**